# بەياننامەی "سەنتەری ئەنفال بۆ لێکۆڵینەوەو بە دواداچوون" بە بۆنەی هەژدەهەمین ساڵیادی کۆستی ئەنفالەوە

لە 1988/4/14 داو لە چوارچێوەی پەلامارەکانی ئەنفالی سێدا، رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی داگیرکەردا بە نیازی قڕکردنی گەلەکەمان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی گوندەکانی گەرمیانی دەست بەسەرکردو پاشان لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە لە هەشت پەلامارەکەی تری ئەنفالدا گرتبوونی کۆی کردنەوەو جگە لە هەندێك پیرو بەساڵا چوو نەبێت، ئەگینا هەموو ژن ومنداڵ ولاوەکانی لە بیابانەکانی باشوری عێراقدا زندە بەچاڵ کرد. ئەودەم ویژدانی مردووی کۆمەڵگای نێونەتەوەی بە گشتی و بەتایبەتی ئیسلامی وعەرەبی لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیەی بەعسیەکاندا، نەك هەر بێدەنگی لێنواند، بەڵکو لە هەندێك حاڵەتیشدا پاساویان بۆ دەهێنایەوە. گەلەکەمان لە باشوری کوردستان لەو ساتەوەختەدا بە شێوەیەکی هەمەجیانە لەلایەن "عەلی کیمیاوی" ودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی بەعسی روخاوەوە هەڕەشەی قڕکردن ونەمانی لێدەکرا.لە راستیدا گەر سەدەی بیستەم سەدەی تاوانە گەورەکان بێت بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەوا کۆتایی ئەو سەدەیە بەوەهات کەوا گەورەترین تاوان بەرامبەر بە ئێمەی کورد بکرێت، هەر لە بەر ئەوەشە نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بۆ هەتا هەتایە ئەو تاوانە لە بیر ناکات وهەموو ساڵێك لەو کاتەدا یادی قوربانیانی ئەنفال زیندوو رادەگرێت.

ئەم ساڵ لە کاتێکدا ئەو یادە دەکەینەوە سەرانی ئەنفالچی چاوەڕوانن لە نزیکترین کاتدا پەلکێشی بەردەم دادگا بکرێن وبە سزای رەوای خۆشیان بگەن. ئەوەش سەبوورییەکی گەورەیە بۆ کەس وکارو قوربانیانی ئەنفالەکان. لە هەمانکاتدا دەبینین لە دەرەوەی کوردستان کوردستانییەکان لە هەوڵی بێوچاندان بۆ ناساندنی کۆستی ئەنفال بە رایگشتی جیهانی و پەلکێشکردنی ئەوانەی دەستیان هەبووە لەو تاوانانە بۆ بەردەم دادگا. بە تایبەتی برایان لە (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن وجینۆسایدی کورد) کە هەوڵەکانیان جێگەی رێزوو سوپاسە.ئێمە لای خۆمانەوە پشگیری تەواوی خۆمان بۆ ئەو ئەرکە نەتەوەییە رادەگەیەنین و لە دوورەوە دەستیان دەگوشین.

هیوامان وایە ئەم ساڵ بکرێتە ساڵی بەرەسمی ناساندنی کۆستی ئەنفال لە نەتەوەیەکگرتوەکان وساڵی زیاتر خزمەتکردنی پاشماوەی ئەنفالەکان وهێنانەوەی تەرمی پیرۆزیان بۆ خاکی کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای گەلەکەمان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی..هەمیشە زیندوو بێت یادی قوربانیانی کۆستی ئەنفال.

سەنتەری ئەنفال

بۆ لێکۆڵینەوەو بە دواداچوون

کەلار2006/4/14